# تفەنگەکانیش بێزار و دڵشکاون !

رەشاد – مستەفا سوڵتانی
هەشتی ئاگوستی ٢٠١٨



لەم عەکسەدا ، چما چەکەکان لە خوێن ڕشتن ماندوو و بێزارن و پەنایان بۆ دار بەڕوویەکی بەساڵاچوو بردووە .
ساتیر و تەنزێکی بیرمندانە : منداڵێک لە سکی دایکی سەر دێنیتە دەر و پاشان دەڵێت چونکوو دونیا گۆمی خوێنە ، زۆر بێزارم وهەرگیز نامهەویت لە دایک بم .

چەکەکان و تفەنگەکانیش ، لە دەستی میلیون ها مرۆڤی خەمسارد و سیستەمی کاپیتالیزم و ئاین و ئاین زاکان ، کە کۆمەڵگایان بەرە دواوە پاڵ پێوە ناوە ،بێزار و تۆڕە و دڵشکاون. ئەوەندە سنووری شەڕەکان و دەسەڵاتی دراو و پارە ، بەر بڵاوە کە تەنانەت قەڵاچو و کوشتاری شارۆمەندان ،بێ دەسەڵاتان ، منداڵان ، ژنان و پەککەوتوە کان سەرنجی سیستەمە بە ڕواڵەت مرۆڤدۆستەکانیش ڕاناکێشێت . کارتێکەری شەڕ بە خێرایی هەرەسی بەسەرخان و ژیرخانی کۆمەڵگاکان و بەتایبەت کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێناوە . شەڕەکان ژینگەیان وێران ، کامباخ و بە تەواوی ورد و خاش کردووە. وێرانی ژینگە کە هاوسەنگی و باڵانسی سروشتی تێکداوە، هەڕەشە لە ژیانی مرۆڤایەتی دەکا و، وشکەساڵی و گەرمای تاقەت پڕووکین و سەحرای بێ سنووری لێ کەوتوەتەوە . پارە و دراو لە گەڵ هەڵاواردن، ڕەگەز پەرەستی ،ناسیونالیزم ، شوڤینیزم ، حکومەتە توتالیترەکان ، کارگاکانی چەکسازی، پێشێلکاری مافی مرۆڤ و دەزگا داپڵۆسێنەرەکان سەما دەکات. بیگومان گەشتێک بە ناو داڵانی بانکەکان، مرۆڤی ئازادیخواز ، ئۆمانیست و عەدالەتخواز گێج و سڕ دەکات . تان و پۆی بانکەکان لە سەر بناغەی داماڵین و ڕووتکردنەوەی شارۆمەندان چنراوە . لە ڕۆژهەڵاتی ناوین هیشتا پیس ترین ، دز ترین ، دواکەوتوو ترین ، ڕەزیل ترین ، خەم

نەخۆرترین ، کۆن ترین یاسا و داخراوترین کەسەکان کار بەدەستن و حکومەت دەکەن. دەسەڵاتە نە بینراوەکانی ماسمێدیا ،خانەکانی مێشکی مرۆڤیان داگیر و سانسور کردووە . شەپۆلی کۆچی مرۆڤەکان کە بەدەستی ئەم حکومەتانەوە ئاوارە و بێ دەسەڵات کراون و، ئەگەر بە شەپۆلی دەریاکان نەخنکێن ، دەبنە دیاسپۆرا* وپەنابەری وڵاتان و، پاشان سیا ساڵەکان پێشوازیان لێدەکا .

ئەگەر کۆمەڵگاومرۆڤەکان و چینی ڕەنجبەر و هەژار لە پێناوی گۆڕانی سیستەمە کۆنەکان و دامەزراندنی حکومەتگەلێکی ئاشتیخواز و لائیسیتە و وەر گرتنی دەسەڵات و سەقامگیر کردنی یەکجاری" ئاشتی" هەوڵێک نەدەن ، تابوکان ناشکێن . ڕووبارە خەمگین وخوێناویەکانی ئاین و ئاین زاکان ، ئاپارتاید، فاشیزم ، نازیسم ،کارتیلەکان و مونۆپۆلەکان* لە ڕێی ئینسان ناوەستن و بە ئەسپایی بەرەو دەریای قەسابخانەکان مل دەنێن . پەندێکی ناسکی ژێنگەوانان دەڵێت : هەر مارێک کاژ نەخات ، مەحکوم بە مەرگە ! ئەم پەندە بۆ ئاڵ و گۆڕی کۆمەڵگاو سیستەمە دیکتاتورەکانیش ئیعتباری هەیە . کاتی خاڵی وەرچەرخان هاتوە تا سەهۆڵەکانی ترس و سام بشکێ و، بارو دۆخێ وەستاو نە مێنێت . پێویستە ڕەنجدەران و هەژاران ڕاپەڕن و چارەنووسی خۆیان لە فورم و قەوارەی سیستەم گەلێکی مودێرن و نوێخواز دیاری کەن . بۆ نابودی شەڕ و شەڕ خوازی و،چەسپاندنی "ئاشتی " شەڕی مان و نەمان و چەکدارانە لە پاڵ شەڕی گشتگیرو مەدەنی و شەڕی سەرشەقام پێویستە . ئایا ئەم ڕەوتە بژاردەیەکی شیاو بۆ وەرگرتنی دەسەڵات و هێژمونی سیاسی نیە ؟

( تەواو )

زانیاری پێویست :

* دیاسپۆرا : پرژ و بڵاو بونەوەی جەماوەر لە جیهاندا .
* مونۆپۆلیزم : ئوسولێکە کە ناوەڕۆکی پاوان خوازی تۆخی هەیە .
* کاژخستن : تۆڕێکی ناسکە کە مار بۆ ئیدامەی ژیانی نوێ دەیخات. تووێژی مار